www.kurdistannet.org
27-2-2006 11:51 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕاپۆرتە هەواڵ بە وێنەوە: چالاکییەکی یانەی کوردی "میدیـا" و قوتابخانەی "نامۆ" .. بۆ فێربوونی مۆسیقا لە ئەمستردام





بە هاوکاری یانەی کوردی "میدیــا" و قوتابخانەی مۆسیقای نامۆ لە چالاکیەکی هاوبەشدا، ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 25-02-2006 بۆ بەرژەوەندی منداڵان و خەڵکانی کورد، لە کۆڕێکدا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە باوک و دایك و مناڵەکانیان، لە هۆڵی "میدیــا" لە ئەمستردام، مەبەستی کۆرسی فێربوونی مۆسیقا ڕوونکرایەوە سەرەتا لە لایەن ڕێکخەری یانە کوردی "میدیــا" ەوە، سەردار فەتاح، ئەوەی ڕوونکردەوە، بەرژەوەندی "میدیــا" لە کردنەوەی ئەم کۆرسەدا تەنها خزمەتی کۆمەڵگای کورد و جگەرگۆشەکانێتی و بە بڕ بەرانبەر شوێن هەندی لە پێداویستیەکانی کۆرسەکەی بۆ قوتابخانەی نامۆ و خوێندکارەکان فەراهەم کردووە، بە پێخۆشحاڵیەوە لە خزمەتیان دا دەبێت، پاشان کورتەیەك لە مێژووی قوتابخانەی موسیقای نامۆ لە لایەن مامۆستا نامدار قەرەداخییەوە ڕوونکرایەوە ووتی ئەم قوتاببخانەیە ساڵی 2001 لەلایدن دامەزراوە و ئەمڕۆش بە هاوکاری یانەی کوردی "میدیــا" بەشێکی تری ئەو قوتابخانەیە لە ئەمستردام دەکەینەوە بۆ ئەو کوردانەی کە دەیانەوێ فێری مۆسیقابن بە تازەترین شێوازی فێرکردن لە ناوچەکانی ئەمستردام و دەوروبەری.




هەربەڕێزێک بیەوێ بەشداری بکات لەم قوتابخانەیەدا بۆ فێربوونی مۆسیقا دەتوانێ ئێستا ناوی خۆی تۆمار بکات، لەم قوتابخانەیەدا پێشینە بۆ منداڵان دەبێت و گەورەش بۆی هەیە بەشدار بێت.
ئامێرەکان: کەمان، کیبۆرد، عود، ئیقاع (ڕیتم) ، فلوت، کلارنێت، ئۆکۆردیۆن.
نرخی کۆرسەکە بۆ هەر مانگێك یەك خوێندکار 25، 00 ئیرۆ و بۆ دووەم خوێندنکاری هەمان خێزان 20، 00 ئیرۆیە + حەقی بۆ خۆتۆمارکردنیش بۆ ساڵێك 15، 00 ئیرۆ وەردەگیرێت، ئەندامانی "میدیــا"، لەم برە پارەیە دەبەخشرێن.

بێگومان مەبەستی سەرەکی کردنەوەی ئەم کۆرسە بۆ خزمەتکردنی منداڵ وگەورەی کورد و گۆشکردنیان بەمۆسیقا و کەلتوری کوردی، تاکو دوارۆژی گەلەکەمان ڕۆشنتر بکەینەوە.





